# بۆ/ هه ركه‌سێك ژیانی مرۆڤایێتی لا مه‌به‌سته!

باوكی كارۆ/ سوێد
14ی تشرینی یه‌كه‌م
lashkr10@hotmail.com

به‌شی سێیه‌م:

-دیاره وه‌ك له به‌شی یه‌كه‌م و دووه‌م باسم كردوه، دوو جۆره چاره‌سه‌ر هه یه بۆ نه‌خۆشی كه‌م خوێنی ثالاسیما كه ئێستا له به‌رنه‌بوونی وه‌سائیلی پێشكه‌وتووی پزیشكی،كه به‌داخه‌وه نه‌خۆشخانه‌كانی لای خۆشمان نایانه وێ خه‌می لێ بخۆن!بۆیه به شیوه‌یه‌كی نا علیمیانه‌خوێن یان ده‌درێتێ.واتا به رێگا چاره‌ی یه‌كه‌م ، (كاتی ) عیلاج ده‌كرێن.كه ئه‌وه‌ش چه‌ند كه‌ڵكی هه‌یه، هێنده‌ش زیان! كه‌ڵكه‌كه ئه‌وه‌یه تارادەیه‌ك نه‌خۆشه‌كه له مردن دوور ده‌خاته‌وه.به‌ڵام به‌و جۆره‌ی كه له كوردستان پیاده ده‌كرێ زیانه‌كه‌شی ئه‌وه‌یه به‌شێوه‌یه‌كی به‌رچاو رێژه‌ی ئاسن له جه‌سته‌دا كۆده‌بێته‌وه.به تاتبه‌ت له دڵ زۆر مه‌ترسی ده‌خاته سه‌ر ژیانی نه‌خۆشه‌كه!...هه‌روه‌ها له به‌ر به‌كارنه‌هێنانی په‌مپی تایبه‌ت یان كه‌م به‌كارهێنانی یان خراپ به‌كارهێنانی، نه‌خۆشه‌كه تووشی تێك چوون و ناشرین بوونی ڕوخساروجه‌سته یی ده‌بێت وبه‌تایبه‌ت قرچ بوونی لووت(كه‌پوو)ددانه‌كان..دیاره‌په‌مپه‌كه‌ش چه‌ند جۆری هه‌یه:
یه‌ك له‌و جۆرانه‌ی كه له كوردستان هه یه،به‌ڵام به‌داخه‌وه كه‌مه‌و به هه موو نه‌خۆشه‌كان ڕاناگا.دوو جۆری تركه له ئۆروپا به‌كاری ده‌هێنن و زۆر شتێكی عه‌مه‌لی یه،ئه‌وانه‌ش:1- (ئیڤاك پومپ=IVAC PUMP ). 2-(پی ئای دی پومپ=PID PUMP) دیاره ئه‌م جۆره‌یان هه م له به‌ر بچووكی و هه م ئاسانتر به‌كار هێنانی و هه میش نوێ كاری تێدا كراوه،عه‌مه‌لی تره.به( CRONO Super PID)ناوده‌برێ .!ئه‌وه‌ی شیاوی باسه ئه‌و په‌مپه زۆر جیهازێكی پێویست و زه‌رورەتێكی حه‌یاتی یه بۆ درێژه‌دان به ژیانی كه‌سانی تووش بووبه ثالاسیما.له‌وه‌ش گرنگ تر خۆ نرخه‌كه‌شی هێنده گران نییه تا له تواناو قودره‌تی حكومه‌ت ووه‌زاره‌تی ته‌ندروستییدا نه‌بێ.!!به مه‌رجێك ئه‌و نه‌خۆشییه له وڵاتی ئیمه بنه‌بڕ نابێ و هه ر وجوودی هه یه.جا بۆیه هه‌قه كاربه‌ده‌ستانی

وولاتی خۆمان بیرێک لەو وەزعەش بکەنەوە.
بۆیە من لێرەداو مەبەستم لە نوسینی ئەم بابەتە چەند ڕوونکردنەوەوپێداویستی و پێشنیارو داواکاریەکمە لە حوکومەتی هە رێمی کوردستان و کاربەدەستان.
بە تایبەت:
وەزارەتە پەیوەندی دارەکانی وەکوو:- وەزارەی تەندروستی/ وەزارەی مافی مرۆڤ/ ڕێکخراوی منالّپارزی کوردستان.! زەروورە بە جددی مشوورەتێک لە حالّی ئەو منالانەو کە س و کاریان بخورێت.! کە ئەوانیش وەکو هە ر خێزانێکی ئاسایی(نۆرمالّ)هە قی ژیان و گوزەرانیان هە یە...بە مەرجێک خێزانی وا هە یە دوو، سێ مندالّی تووش بوو بەو نەخۆشە کوشندەیە هە یە.! ئەمە جگە لەوەی نەخۆشەکە بە دەردەکەوە دەنالێنێ ولە کاتێکدا بەردەوام دەبێ بێ پشوو دان عیلاج وەرگرێ،وەک لەو وێنەدا دیارە. لە هە مان کاتیشدا لە ڕووی مادی یەوە ئیفلاس بەو خێزانە دێت.ئەوە بێجگە لە حالّەتە دەروونی یەکەی ئەو خێزانەو نەخۆشەکەش.
ڕاستە گوزەرانی خەلّکی ئێستا باش بووەو ژیانی (مەعیشی) ئەوانیش گۆڕاوە، بەلام بەدرێژای سالانی ڕابردوو چاولێکە ئاخۆ ئەو گوزەرانە چۆن بەڕێوە چوو بێت.!
کە سەدان جار دەبوو خاوەن نەخۆش خۆی خوێن پەیدا بکات. خۆی کیس ی خوێن وهەتا زۆر جار سرنج یش پەیدا بکات(بیکرێت). کە من بۆ خۆم یەکێک بووم
لەوانە. ئەگەرچی وەزعیشم گەلێک لە زۆرێک لەوانە باشتر بوو.!سەدان جار خزم و دۆست و برادەر دەهاتن بە خۆڕایی خوێن یان دەدایەنێ. زۆریان سوپاس دەکەم.
خێزانی واش هە بوە هێندە بێزار بوە،توانای ئەو بارە گرانەی نەماوە، حەزی کردەوە ڕۆژێک زوو تر نەخۆشەکەی گیان لەدەست بدات.چونکە سەرباری ئەو نەهامەتیەبە تایبەت بۆ دانیشتوانی دەرەوەی سلێمانی دەبوو بەردەوام بڕۆی لە سلێمانی عیلاجەکە وەربگری(عەمەلییەی خوێن)تێکردن.کە ئەوەش بۆ خەلّکی شارو لادێ کانی( ڕانییەو قلادزە لەدەقەری پشدەرەبتوێن- کەلارو کفری لە ناوچەی گەرمیان- هەلّەبجە و حەوزەی شارەزوور)حەتمەن حکومەتەکەی ئەولاش لە هە ولێر!!!.ئەمە زۆر زەحمەتە و کاریگەری خراپیشی هە یە کە بە داخەوە تا ئێستاش وایە و ئەو ئەکەمەتانەی خۆمان لەو پارە زۆرەی کە ئێستا

له‌ به‌رده‌ستدا هه‌ یه‌ بایی ئه‌وه‌ هه‌ یه‌ كه‌له‌ هه‌ ر یه‌ك له‌و ده‌ڤه‌رانه‌ی باسم كرد،نه‌خۆشخانه‌یه‌كی بچووكی تایبه‌ت به‌و په‌تایه‌ بكه‌نه‌وه‌. من پێم وایه‌ حكومه‌ت ئه‌و پێشنیاره‌ له‌ كارنامه‌ی خۆیدا بخاته‌ به‌رده‌ست هه‌ ر یه‌ك له‌و ڕێكخراوه‌ حكومی و نا حكومی و مرۆییانه‌ی كه‌ دێنه‌ كوردستان، به‌ ئاسانی جێ به‌جێ ده‌بێت. به‌ڵام كێ بیر له‌ داماوی خه‌ڵكی هه‌ ژار ده‌كاته‌وه‌؟!.

ئه‌وه‌ پرسیاره‌كه‌و جێی ده‌هێڵم بۆ هه‌ ر كه‌سێك ژیانی مرۆڤایه‌تی له‌ مه‌به‌سته‌!.